# جیابوونەوەی باوکی پیتێرا وچوونە دەرەوەی لەماڵ چ باریکی لێ کەوتەوە؟

نوسینی:  مۆنیک خیداڵ
ماتس ئەندەرسۆن
تۆماس دانیێلسن
وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە بۆ کوردی  :  ڕزگار عبدالكريم



بەرواری:  2004-09-11

پێترا تەمەنی شەش ساڵە و برایەکی هەیە ناوی یۆناسە و تەمەنی هەشت ساڵە ..یۆناس لە پۆلی دووەم لە قوتابخانە گەورەکەی نزیکیان دەخوێنێت..جاران پێترا زۆرترین کاتی لەگەڵ تۆمی هاوڕێی بەسەردەبرد و پێکەوە یاریان دەکرد، بەڵام لەوەتەی ماڵی باوکی تۆم گواستویانەتەوە زۆر دڵگرانی بۆ پێترا دروست کردووە .
دایک و باوکی پێترا جیابوونەتەوە و باوکی ماڵی جێهێشتووە و پێترا و یۆناس لای دایکیان دەژین بەڵام زۆرجار پێترا و یۆناس بەسەردان دەچن بۆ لای باوکیان بە تایبەت ڕۆژانی شەممە و یەکشەممە ،دراوسێیەکی ماڵی پێترا هەیە ناوی (خێرارد)ە ..خێرارد لەوەتەی باوکی پێترا ماڵی جێهێشتووە هەوڵ دەدات پەیوەندیەکەی لەگەڵ ماڵی پێترا توندوتۆڵتر بکات بۆیە زۆرجار سەردانیان دەکات و تەنانەت زۆرجار نەک هەموو کاتێک شەویش لایان دەمێنێتەوە ،دایکی پێترا بە دواندنی خێرارد زۆر ئاسوودەیە و پێی وایە زۆر جار بووە بە مایەی کەمکردنەوەی دڵگرانیان..بەڵام یۆناس بەهیچ جۆرێک خێراردی خۆش ناوێت و پێی وایە کەسێکی ڕۆح سووک و ئێسک سووک نییە ئەگەرچی زۆر جار داوای ئەوەی لێ دەکات کە سوکانی بەلەمەکەی بداتە دەست..دایکی پێترا پێی وانیە بتوانێت بە بەردەوام لەماڵی خێرارد بمێنێتەوە ،بەڵام لەگەڵ ئەوەی پێترا هیچ شتێکی وای لەو بارەوە نەوتووە بەڵام لە خۆی دەپرسێت بڵێی خێرارد بتوانێت بە بەردەوامی لایان



بمێنێتەوە؟ ..خێرارد ئۆتۆمبێلێک و بەلەمێکی ماتۆڕی هەیە ،بەلەمەکەی زۆر جێی سەرسوڕمانە کاتێک چاوی لێ دەکەیت هیچ کات پێت وانیە ئەو بەلەمە بتوانێت بە دەریایەکدا تێبپەڕێت.. جار جار تووشی کێشەی قورس دێت ،بەڵام خێرارد خۆڕاگرانە هەر بەکاری دێنێت و زۆر دڵی پێ خۆشە ..زۆر جار کە گەشتێکی پێ دەکات هەموو هیلاکیەکی بیر دەباتەوە ..یۆناسیش هاوشێوەی ئارەزووی خێرارد زۆر حەز دەکات ببێتە دەریاوان یان کەشتیوان..زۆر جار دەپرسێت لەوەی ئایا کارێکی ئاسانە یان سەختە ..لە وەڵامی ئەوەدا خێرارد دەڵێت کارێکە

پێویستی به ئارەزوو هەیه مادام تۆ ئارەزووت لێ یەتی به دلنیاییەوە ئاسانه ..پێترا دەڵێت ( ئەی تایبەت به کچان ئایا کچیش دەتوانێت ببێت به کەشتیوان؟) خێرارد پێتراش دڵنیا دەکات لەوەی که به دڵنیاییەوە.



ڕۆژێک تۆم هات به میوانی بۆ ماڵی پێترا..بواری ئەوەی درابوێ که تەنانەت شەویش بمێنێتەوە ئەوەبوو ئەو هاتنه بۆ پێترا زۆر جێی دڵخۆشی بوو ،هەر له بەیانیەوە که تۆم گەشت تا نزیک ئێواره سەرقاڵی یاری کردن بوون لەگەڵ پێترا،گەڕانەوە سەر ئەو یاریانەی لەڕۆژانی ڕابووردوودا دەیان کرد وەک ئەوەی یادی ڕابووردوو بکەنەوە ،پێترا لێی پرسی ( ئێستا دوای گواستنەوەتان به چیەوە سەرقاڵێت؟!) تۆم هیچی نەووت



دوای ئەوەی گەڕانەوە ماڵەوە و له یاری کردن تەواو بوون هاتنه ژوورەوە و لەسەر کورسیەکەی پاڵ مێزەکه دانیشتن ..له ناکاو زەنگی تەلەفوون لێی دا ..دایکی پێترا تەلەفوونەکەی هەڵگرت هێشتا هیچی له دەم

دەرنەچوو پێترا لەولاوە ڕووی کردە تۆم و ووتی (بە دڵنیاییەوە خێراردە) ..ئینجا گوێی لە دەنگی دایکی بوو کە دەیووت کە ئەمڕۆ ناتوانین بێینە دەرەوە چونکە تۆمی هاوڕێی پێترای لێیە ..پێترا ڕووی کردە تۆم و ووتی(ئاساییە ئەو کەسە بەردەوام لەگەڵ دایکمایە بۆیە میوانداری تۆ زۆر جێی بایەخە و دایکم ڕەتی دەکاتەوە ..دایکی پێترا بە تەلەفوونەکە زۆر دوا لەگەڵ خێرارد ،دواین شت لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە خێرارد بێت بۆ لایان.

دوای نان خواردن ساردەمەنیان خوارد و دواتر سەیری بەرنامەی مناڵانیان پێکەوە کرد..خێراردیش وەک ئەوەی ڕێککەوتبن لە کاتی خۆیدا هات،لەگەڵ دایکی پێترادا چونە مەتبەخەکە و لەوێ دانیشتن،پێترا و تۆمیش سەرقاڵی یاری خۆیان بوون .

بۆ سبەی بەیانی کاتێ پێترا خەبەری بۆوە هەستی کرد تەواوی چواردەوری بێ دەنگە ..بێ دەنگیەکی زۆر سەیری هەست پێ دەکرد ،ئەوەبوو هەموویان خەوتبوون لەبەرخۆوە ووتی( پێ دەچێت هێشتا شەوبێت)بەڵام هیچ هیلاکی پێوە دیار نەبوو،بۆ دڵنیایی سەیرێکی دەرەوەی کرد ،تاریکی شەو ئاسەواری نەمابوو ،تیشکی ڕۆژ دەرەوەی ڕۆشن کردبۆوە و خەڵکی بە شەقامەکەدا لەهاتووچۆدا بوو ،پێترا ڕای کرد بۆ مەتبەخەکە و سەیری کاتژمێرەکەی ئەوێی کرد..میلی کاتژمێرەکە بچوکەکە لەسەر هەشت و گەورەکەش لەسەر چوار بوو ،کەوایە هەشت و بیست دەقیقەیە ،پێی وابوو زۆر زۆر خەوتوون هاوکات بیریشی نەبوو کە ڕۆژی یەک شەممەیە،بەپەلە



ڕای کرد بۆ ژووری نوستنەکەی دایکی و بینی کە دایکی و خێرارد لەسەر یەک جێگا خەوتوون ،هاواری کرد (هەشت و بیست دەقیقەیە خێرا هەستە بچۆ بۆ سەر کارەکەت )خێرارد کە بە ئاگاهات تۆزێک مات بوو ئینجا بە دڵگرانیەکەوە ڕووی کردە پێترا و ووتی:(ئەزیزم پێترا ئەمڕۆ یەک شەممەیە لێمان گەڕێ پشوویەک بدەین ئاخر کەی یەک شەممان دایکت دەچیت بۆ کار !تۆ گەر خەوت نایەت دەتوانیت بچیت لەگەڵ تۆم بۆ خۆتان لەدەرەوە یاری بکەن ) پێترا ووتی:(ئاخر تۆمیش هێشتا خەبەری نەبۆتەوە و خەوتووە )خێرارد ووتی )ئەزانی چی تۆ ئەو چاکەتەمم بەرێ کەلەسەر ئەو کورسیە داماناوە باپارەتان بدەمێ بچۆ لەگەڵ تۆم و یۆناس دا ساردەمەنی بکڕن وتۆزێک خۆتان یاری بکەن و دواتر کە هاتین هەوڵ دەدەین بچینە نێو بەلەمەکە و دەڕۆین،پێترا ووتی (من و تۆم بۆمان هەیە سوکانەکەبگرین؟) خیرارد ووتی بە دڵنیاییەوە بەڵام ئێستا ئێوە بچن ساردەمەنیەکەتان بکڕن ؟چاوەڕوانمان بن تا ئێمەش دێین،پێترا بە خێرایی چوو تۆم و یۆناسی خەبەر کردەوە ووتی: سەیری ئەو پێنجیە کاغەزەم وەرگرت بۆ کڕینی ساردەمەنی بۆ هەمووومان ،یۆناس لە شوێنی خۆی بەرز بۆوە و جلەکانی گرت بە دەستەوە و پێتراش هەڵهات بەرەو ژوورەکەی خۆی بۆ ئەوەی خۆی بگۆڕیت لە کورتین ماوەدا و خۆیان ئامادەکرد ..پێترا بانگی لە تۆم کرد کە پەلە بکات چونکە قەرارە دوای پشوودانی دایکی و خێرارد دەچنە نێو بەلەمەکە و تۆمیش بۆی هەیە سوکانەکە بگرێت.



پێکەوە چوون ساردەمەنیان کڕی و بەرەو قەراغی دەریاکە کەوتنە ڕێ ،یۆناس تا ئەو کاتەی هاوڕێکانی نەدیبوو لەگەڵ تۆم و پێترا دا بوو بەڵام کە هاوڕێکانی هاتن ئیدی کەمێک لەگەڵ ئەوان یاری کرد و تۆم و پێتراش پێکەوە ،تۆم و پێترا خەریک بوون لە کەنارەکەدا بۆ یاری بەلەمیان دروست دەکرد ،تۆم بە پێترای



دەووت (خۆم دەبێت سوکانەکە بگرم و تۆش لە مەتبەخەکە دا کار بکەیت )پێتراش دەیووت (نەخێر من سوکان دەگرم ،ئاخر گوێت لە خێرارد نەبوو کە ووتی کچانیش دەتوانن ببن بە باشترین کەشتیوان و دەریاوان؟) تۆم پێی ووت(ئاخر تۆ هێندەی توانای منت نییە بۆ زاڵ بوون بەسەر سوکاندا ) دەستی برد بەردێکی هەڵگرت و تا توانای هەبوو هەڵی دا بۆ دوور ،ئینجا ڕووی کردە پێترا و ووتی (بزانم تۆ دەتوانیت ئاوها بۆ دوور بەرد فڕێ بدەیت ؟)پێتراش ووتی: من زۆر لە تۆ باشتر و زیاتری هەڵدەدەم ..دەستی برد بەردێکی هەڵگرت و تا توانای هەبوو هەڵی دا بەڵام بەقەد بەردەکەی تۆم نەڕۆشت ..ئیدی ئەمە بووە مەراقی و بەرد لەسەر بەرد



وەک پێشبڕکێ بەردیان هەڵدەدا ،لەم بەردهەڵدانەدا بوو کە یەکێک لە بەردەکانیان بەر پیاوێک کەوت کە بە ڕێکەوت بە خۆی و سەگەکەیەوە بەوێدا تێپەڕین ..پیاوەکە ؛ێیان تووڕە بوو ،بە تووڕەیی‌یەوە رووی کردە هەردووکیان و ووتی (نازانن نابێت بەو شێوەیە بەرد فڕێ بدەن، وابڕوات کەسی تریش بریندار دەکەن) پێترا بە داوای لێبووردنێکەوە ڕووی کردە پیاوەکە و ووتی: (ئەوە خەتای تۆم بوو.. ئاخر من نەمدەویست هێندە دوور بەردەکە فڕی بدەم ) تۆم کە گوێی لەم قسەیە بوو زۆر دڵگران بوو ،بە پێترای ووت: زۆر بە داخەوە بۆ ئەو قسانەت تەواو ئیتر من یاریت لەگەڵ ناکەم و دەڕۆمەوە ماڵەوە ..پێترا ووتی (نابێت تۆ میوانی لای من نابێت بڕۆیت..) .



بەڵام تۆم و پێترا گەڕانەوە ماڵی پێترا هەردووکیان بە سیمایانەوە دڵگرانی دەبینرا ،هەر کە گەشتنە بەردەرکی ماڵەوە پێترا بە دڵگرانی‌یەکەوە وتی لەبەر ئەوەی ڕێک و پێک نیت نابێت سوکانی بەلەمەکە بگریت ..بەڵام تۆم هیچی نەوت ..چونە ژوورەوە و گوێیان لە دەنگە دەنگێکی سەیر بوو ،دیقەتیان دا دایکی پێترا و خێرارد بوو ،دەنگە دەنگێکی ناڕەحەتانە ،دایکی پێترا زۆر دڵگرانانە بە گریانەوە بە خێراردی دەووت ،تۆ چاوت هیچ بە مناڵەکان هەڵنایەت ،هەمیشە هەوڵ دەدەیت بیان کەیتە بەردەرگاو چارەنووسیانت بۆ گرنگ نی‌یە گەر تۆ منت بۆ مەبەست بێت دەبێت مناڵەکانیشت هەمان شێوە بوێت ،من دروست کردنی ئەم جیاوازیانەم قبوڵ نی‌یە پێترا نەیدەویست گوێیان لەم قسانە بێت بۆیە پێترا بە تۆمی ووت (وەرە بابچین بۆ ژوورەکەی خۆم ) کە چوونە ژوورەکەی پێترا لەوێدا تۆم خۆی بە کتێبێکەوە سەرقاڵ کرد و پێتراش پەنجەی خستە نێو دەمی ..لەبەر خۆوە ووتی (ئای گەر لای بابە دەبووم ئێستا هیچ ئەم شتانەم نەدەدی ،کەس بە ڕێک و پێک نەماوە ..نەدایە و نە



خێرارد و تەنانەت تۆمیش..هەستا تەلەفوون بکات بۆ باوکی ،چەندین جار جەرەسی بۆ لێدا بەڵام کەس هەڵی نەگرت ،دواتر دایکی پیێترا هات ،لە گریان وەستابوو بەڵام بەتەواوی ڕەنگی شێوا بوو ووتی : پیێترا گیان بچۆ یۆناسیش بانگ بکە با بچین نانەکەمان ئامادە بکەین ،ئەی تۆم ..پیێترا پێی بڕی : تۆم هیچ ڕێک و پێک نیەیە ئیدی بۆی نیەیە لەگەڵ من یاری بکات ،دایکی ووتی (نا بێدەنگ بە ..نابێت بەو شێوەیە بدوێیت بە دڵنیاییەوە دەبێت یاریشی لەگەڵ بکەیت ،بەدڵنیاییەوە تۆمیش لەگەڵمان دێت و هەموو پێکەوە دەبین ،تۆ و تۆم و یۆناسیش دەتوانن سوکان بگرن.



کەوتنە ڕێ و لای یەکێک لە کەنارە بچوکەکانەوە وەستان و دواتر دیسانەوە کەوتنەوە ڕێ لە قۆناغی دووەمیاندا شلەی گوێزەریان ئامادە کرد و نانیان خوارد..لەولاتریش لە کەنارێکی تر هەندێک گیاندار هەیە لە نێو ئاودا مەلە دەکەن ..گیانداری تایبەتن لە شێوەی بزن و لە شێوەی (گا) یە کە تانەیبینی جێی باوەڕت نیەیە ،داوایان کرد تازووە خێرارد زووتر بڕوات تا بگاتە ئەو جێگایە و بیبینن بەڵام خێرارد دەیزانی کە ئاسان نیەیە و توانای بەلەمەکەشی دیاری کراوە واتە دەترسا لەوەی نەوەک لە ناوەندی ڕێدا پەکیان بکەوێت و تووشی کێشە بن ،هەرچۆنێک بوون لە کەنارێکی نزیکتر کە بە هەمان شێوە بوو وەستان و بینیان چۆن گیانداران لە نێو ئاوەکەدا خەریکی مەلەکردنن ،خێرارد دەیووت ئەوانە گیاندارێکی



جیاوازن،کاتێک کە مەلە تەواو دەبن و دێنە ووشکانی و یەک خۆڕاتەکاندن هەموو تەڕیەکەیان ناهێڵێت .



ئێواره لەگەڕانەوەدا دایکی پێترا ڕووی کرده پێترا و یۆناس و بۆی ڕوون کردنەوە کە ئیتر بۆ داهاتوو پێویست ناکات خێرارد هات و چۆیان بکات و سەردانی بەردەوامیان بکات و تەنانەت بە میوانیش بێت بۆ لایان چونکە ئەو کەسێک نیيە کە بتوانێت دڵی ئەوان ڕابگرێت و وەک کەسێکی هۆشمەند مامەڵەیان لەگەڵ بکات وە ئینسان لە مامەڵە کردن لەگەڵیدا هەست بە ئاسوودەیی بکات ..یۆناس مات ببوو ..پێتراش سیمایەکی جیاواز ئینجا دایکی پێترا بەردەوام بوو :( ئەو بەرامبەر بە ئێوه و بەهیچ جۆرێک ڕێک و پێک نەبوو ،دەتانگرێنێ ..پێترا ووتی وایە ئەو کەسێکی زۆر سەیرو ئاڵۆزە ..وەک ئەوەی ئێمە و ئەو زۆر جیاواز بین و لە کەم شتدا هاوبەش بین ،خێرارد بە هیچ جۆرێک حەز لە منداڵ ناکات ،،ئیدی دایکی ووتی ئێمە خۆمان دەتوانین خۆمان یەکتر ئاسوودە بکەین .



ڕۆژێک دایکی پێترا زۆر درەنگ کەووت لە چوون بە دوای پێترادا بۆ بەردەم قوتابخانە منداڵانی تر کەس و کاریان هەموویان بردبوویانەوە بەڵام بە تەنها پێترا نەبێت..مامۆستاکەی کە ئەوەی دی زۆر دڵگران بوو ئاگاداری دایکی پێترای کرد کە بۆ جارێکی تر پێویستە لە کاتی خۆیدا لێرە بێت دەنا هیچ دوور نیيە تووشی کێشە بێت ..کە گەڕانەوە بۆ ماڵەوە بۆنێکی خۆشیان کرد ..یۆناس کێکی ئامادەکردبوو ،گەرچی بۆنەکەی زۆر خۆش بوو بەڵام دایکی هیچی دڵی خۆش نەبوو ،مات و خەمگین ..هەر بەگەشتنی لەسەر کورسی مەتبەخەکە لێی دانیشت ،بە سیمایەکی ماتەوە ڕووی کرده منداڵەکانی و ووتی:(ئێوە دەزانن بە درێژایی کاری دوێنێ شەوم ئەوەی لەوێدا دەیبینم تەنها ئەوەم دەستکەوتووە )..ئینجا دایە پرمەی گریان ..پێتراش قیژاندی..ئیدی یۆناسیش هیچی بۆ نەمایەوە جگە لەوەی لایان جێ بێڵێت و بچێتە ژوورەکەی خۆی چونکە نەیدەویست بەو شێوەیە ئەو دیمەنە ببینێت ،دایکی کە هەستی کرد هیلاکی کردوون زۆر دڵگران بوو ،چووە لای پێترا و پێکەوە چونە لای یۆناس ووتی: (ئەزیزانم ڕاستییەکەی زۆر هیلاکم ..ناحەقم مەگرن ..هیچ توانام نەماوە ،بڕیار بێت

ئیدی ئێواران نەچم بۆ وانەی فێربوونی ئۆتۆمۆبێل لێخوڕین )..ئینجا بە بزەیەکەوە پێی ووتن کەواتە با بچین



مەتبەخەکە پاکبکەینەوە چونکە یۆناس زۆری شت پیس کردووە بۆ دروستکردنی کێکەکەی ..دوای نانخواردن پێکەوە کەمێک یاریان دەکرد و دەستیان دەکرد بە کێکەکەی یۆناس ..دایکی ووتی: (دەزانن زۆر زۆر خۆشە ) ئینجا زۆر بە لێبوردنەوە رووی کردە هەردووکیان و پێی ووتن کە ئەو توڕەبوونە هیچ شتێک نیە جگە لەوەی ئاسوودەیی ئێوەم بۆ مەبەستە ..من خۆشم بەو حاڵەتانەی خۆم دڵگرانم بۆیە زۆر نارەحەتم کە شتی وا ڕوودەدات ئاخر ڕەنگە ئێوە نەزانن ئێوە چەند ئەزیزن لام ..هەموو هەوڵی من دڵخۆشی کردنی ئێوەیە.



هەموو ئێوارەیەکی پێنج شەممان دەبوو دایکی پێترا و دایکی تۆم بچن بۆ وانەی (فێربوونی سەما )لەوێ جۆرەکانی سەمای تانگۆ و رومبا و سامبا و دانسی تر دەخوێنن،دایکی پێترا وای باس دەکرد کە زۆر جار بۆ وانەکەیان دەبن بە نزیکەی سەد کەس ،کە ئەم ژمارەیە زۆر زۆرە بۆ فێربوون و قەڵەباڵغیەک دروست دەکات بەلام بەشێکیان ئارەزوویانە بە موزیکی سەر سیدی سەما بکەن وەک موزیکە ئۆرکیستیەکان ،بڕیارە گەر جارێکی دی وابێت پێتراش لەگەڵ خۆی بەرێت کە دیارە زۆری پێ خۆش دەبێت ..بۆ ئەم پێنج شەممەیە کەسێک بە ناوی (جیلا)ی نارد بۆ لای منالەکانی ،جیلا هاوڕێی کاری

دایکی پێترایە و بە هۆی کارەوە ئاشنایەتی هەیە لەگەڵی ،پێویستە جیلا ئاگای لە منداڵەکان بێت و هاوکاریان بێت.



بەڵام لەسەرەتای هاتنی جیلا دا پێترا بۆچونێکی خراپی لەسەر پێترا هەبوو پێی وابوو کە جیلا هێندە خۆشەویست نەبێت و یاریان لەگەڵ بکات ،بەڵام لە کورترین ماوەدا بە پێچەوانەوە دەرچوو ،هەر دوای ئەوەی شتێکیان خوارد لە مەتبەخەکەدا دۆشەکێکی ڕاخست و لە ناکاو باوەشی کرد بە پێترا دا و هەڵی گێرایەوە وووتی بزانم تۆ خۆت ئازا دەکەیت ،دەی بزانم لەبەرامبەر من چیت پێ دەکرێت ..ئیدی پێترا دایە قاقای پێکەنین و دەتریقایەوە ..یۆناسیش لە پشتەوە هاواری لە جیلا دەکرد کە گەر خۆی بە تەنها ناتوانێت دەتوانێت کۆمەکی بکات،دەستی درێژ کرد بۆ پێترا و لەگەڵ جیلا دا هەڵی بگێڕێتەوە ئیدی کەوتنە یاری کردن و جیلا زۆر زۆر یاری لەگەڵ کردن بەردەوامیش دەتریقانەوە ..

ئێوارە درەنگ دایکی پێترا زۆر هیلاک ببوو گەڕایەوە ،ڕاستەوخۆ پێترا بەرەو ڕووی چوو تێی گەیاند کە ئەمڕۆ زۆر زۆر دڵخۆشە چونکە جیلا زۆر یاری لەگەڵ کردوون ،بە دایکی ووت(لەوەیاندا قسەی تۆ بوو کاتێک ئێمە پێمان وابوو جیلا باش نابێت بەڵام جیلا ئەمڕۆ بۆ ئێمە شوێنی باوکمانی گرتەوە .. ئینجا دایکی بە فرسەتی



زانی و ووتی : ئاخر جاران کە باوکتان لێرە بوون هەموو شتەکان ئاسان بوون ئێستا تەنها هەر خۆمم بۆ هەموو کارەکان بۆ قاپشتن و شتکڕین و ماڵ و حاڵ و نان و پێویستی.تەنانەت بۆ هێنانەوەی ئێوەش لە قوتابخانە و زۆر شتی تر ..ئاخر ئەوانە بەشێکی کاری ڕۆژانەمە  جگە لە زۆر شتی تر.. پێترا ووتی:

_ ئەی باشە باوکم بۆ ناگەڕێتەوە ؟

+ تۆ باش دەزانیت بۆ ناگەڕێتەوە ،ئەمە هەزارەمین جارە من وەڵامی ئەم پرسیارەت دەدەمەوە و بۆم باسکردیت

_  باشە من و یۆناسیش ئەم جارە یارمەتیت دەدەین .

+ دەزانم ئێوە دەتانەوێت کۆمەکم بکەن بەڵام ئەزیزانم زەحمەت بووە ،،ئێوە هەموو دونیان بۆ من .



_ دەی باشە بۆ بە (یۆهان و ماریکا) نەڵێین بێن و لێرە بژین و ستیڤانیش لەگەڵ من بێت ئەمە شتێکی باشە وانی‌یە؟

+ باشە بەڵام خۆزگە هێندە ئاسان بوایە.

ڕۆژێک دواتر پێترا زۆر زۆر سوپاسی جیلای کرد چونکە بە هۆی ئامادەیی ئەوەوە دەتوانێت تەنانەت یارمەتی دایکیشی بدات.. پێترا کە لەگەڵ دایکی دانیشتبوو هەستاو دەستی دایە تەلەفونەکە ،لەبەر خۆوە ووتی ئێستا بە جیلا دەڵێم بزانم ئەو ناتوانێت بێتە لامان بژی .کاتێ تەلەفوونی کرد و لەگەڵ جیلا دوا ،جیلا وای زانی ئەمەش بەشێکە لەو گاڵتانەی نیوانیان ..دواین شت پێترا بۆ دڵنیایی پرسی هیچ ڕێگرێک هەیە؟ بەڵام جیلا بە پێکەنینێکەوە ووتی با ئەمە وەک نهێنی بمێنێتەوە تا کاتی هاتنم بۆ ماڵتان .



دایکی پێترا هەستی دەکرد وورده وورده ماندوویەتی‌یەکەی کەم دەبێتەوە ،پێترا ڕووی تێ کردو لێی پرسی ئایا هەلوێستی چی‌یە سەبارەت بە هەڵبژاردنی جیلا کە لەگەڵیان دا بێت ؟ ئینجا پێترا بەردەوام بوو (ئێوە دەتوانن تەنانەت ئیزدیواجیش بکەن ،ئەو کات هیچ پیویست ناکات وەک ئێستا خۆت هیلاک و ماندوو بکەیت.)



کە ئەم باسە کرا جیلاش ئامادەبوو بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەکردن ،هەموو دەم و چاوی سورهەڵگەڕا بوو وەک ئەوەی شەرمی بەو شتانە بێت ،بەڵام دایکی پێترا هەر پێدەکەنی ،پێی وابوو فکرەیەکی خراپ نی‌یە،هاوکات جیلا کەسێکی زۆر پاک و خاوێنە و ئەو ڕۆژە ماڵ و مەتبەخەکەی زۆر جوان پاک کردبۆوە.

پێترا درێژەی پێدا (زۆر زۆر بە باشی..ئەمە و ئیدی جیلا ئەوە نی‌یە بە تەنها بە میوانی بێت بۆ لای تۆ بەڵکو بۆ لای من و یۆناسیش دێت).. دایکی ووتی:



**_تێ دەگەم کچم تێ دەگەم ..ئینجا ماچێکی جیلای کرد و جیلا سورتر هەڵگەڕا،دایکی پێترا رووی کردە پێترا و ووتی (ئیدی تۆش خۆشەویست تر دەبیت ،بەڵام ئەوەش بزانە ناشکرێت هەرکەس کەسێکی لا ئەزیز بێت داوا بکات لەگەڵی بژی هاهاهاها).**

**ئینجا پێترا هەڵی دایە و ووتی : باشە گەر واش نەبیت ئەوە من شوو دەکەم بە جیلا و ئەو کاتە بە دڵنیایی‌یەوە لە یەک ماڵدا دەبین .**

**جیلا ووتی ئۆو پێترا گەیشتنی تۆ بۆ ئیزدواج زۆری ماوە دڵنیابە جارێکی دیکە کە هاتمەوە (ماریا)ش لەگەڵ خۆم دێنم ..ماریا لەگەڵم دەژی و هاوڕێمە.**

**پێترا ووتی:- لەگەڵ ماریا ئیزدیواج دەکەیت؟**

**جیلا ووتی : ڕەنگە بەڵام دڵنیا نیم.**

**پێترا ووتی کێشە نیە ..باشتر وایە من بۆ داهاتوو ئیزدواج لەگەڵ تۆم بکەم.**

**ڕۆژێکی شەممە بوو دایکی پێترا لەگەڵ پێترا و یۆناس دا چوون بۆ ماڵی یۆهان و ماریکا ،بۆ ئەوە دەبوو بە پاس بچن ..یۆهان و ماریکا مناڵێکی بجوکیان هەیە ناوی ستیڤانە هێشتا تەمەنی نەبۆتە یەک ساڵ ..بەڵام پێترا پێی وایە لەو مناڵە خۆشەویستر و ئەزیزتر نیە لە دونیادا ،ئەگەرچی ستیڤان زمانی قسەکردنی**



**نەگرتووە بەڵام هەمیشە دەم بە پێکەنینە ،تازە بە تازە فێری ڕۆشتن بووە..ستیڤان ملوانکەیەکی لە مل دایە دە مەمکەمژەی پێوەیە ..کاتێک کە لەگەڵ پێترادا یاری دەکات دەیەوێت بیکات بە دەمی پێتراوە ،خۆی یەکێکیانی لە دەمدایە و ئەوانی تر یەکە یەکە دەگۆڕێت ..هەر کەمێک و یەکێکیان..مەمکە مژەکەی لە**

دەمیشدایە کەچی پێیەوە بزە دەیگرێت،ئەو کاتەی پێترا یاری لەگەڵ ستیڤان دەکات و دەنگی لێوە دێت ،دایکی پێترا یەکسەر ڕوو دەکاتە پێترا و دەڵێت (گوێت لىیە؟) ئەویش دەڵێت (ئا باش گوێم لێیە).

یۆهان و ماریکا بڕیارە بۆ ئەم هاوینە بچن بۆ تێرشیلینگ و لەوێ خانوویەک بە کرێ بگرن ..بۆ ئەوە داوایان لە دایکی پێترا کرد کە ئەوانیش لەگەڵیان بچن ،پێترا بەو هەواڵ و دەعوەت کردنە چەند دڵخۆش بوو بەڵام شتێکی بە یاد هاتەوە :

_ ئاخر من و یۆناس بڕیارە لەگەڵ باوکم بچین بۆ سەفەر.

دایکی هەڵی دایە : ئێ باوکتان کاتی سەفەرەکەی کاتێکی ترە و هاوین نىیە ..ئێوە دەتوانن لەگەڵ ئێمە بێن بۆ تێرشیلینگ و دواتریش لەگەڵ باوکیشتان بچن.

وەک باسیان کرد وا ڕێک کەوتن ..وەک ئەوەی یۆهان و ماریکا باسیان لێوە کرد دروست تێرشیلینگ وابوو ..لە پاڵ ئەویشدا گوندێکیان لە پاڵ دا بوو کە مەڕ و بزن و مریشک و شتی تریان هەبوو ،لە نزیکیشیانەوە دەریایەک هەبوو بۆ یاری کردن و مەلە کردن .

پێش کاتی خەوتن پێترا چوو بۆ ژوورەکەی یۆناس و پێی ووت: یۆناس



+ چىیە نابینیت خەریکی خوێندنەوەم ..چیت دەوێت؟

_ هەست دەکەم خەڵکێکی زۆر لە خۆوە خەریکی ماڵ گواستنەوەن .. تەنها ئێمە لێرە ماوین..

+ ئێ ئینجا چی بووە؟

_ هیچ هەر لە خۆمەوە هات بە خەیاڵمدا ،یا بە ڕاست تۆ دەزانی ئێستا ئێمە سێ گەشتمان لەبەر دەستایە ؟

ئەوەی سەرەتا لەگەڵ یۆهان و ماریکا دەچین بۆ تێرشیلینگ ..دواتریش دەچین بۆ لای بابە و لەگەڵ ئەویش دەچین بۆ سەفەر و ئینجا منیش دەچم بۆ لای تۆم .. بە تایبەت کاتێک ئەوانیش بڕیار بێت بچن بۆ سەفەر.

+ ئێ ئێ تێ گەشتم

ئیدی یۆناس بەردەوام بوو لە خوێندنەوەو پێتراش لای چۆڵ کرد.

2004-09-11